# ئەگەر خەڵکیستەمکار ببینن ودەستی نەگرن، ئەوا نزیکە لەوەی کە خوای گەورە سزایەکی گشتی تووشی هەموویان بکات

له ئەبو بەکری سدیقەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەی خەڵکینە، ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: {يَا أَيُّها الَّذِين آمَنُوا عَلَيكُم أَنفسَكُم لاَ يَضُرُّكُم مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيتُم ...} [المائدة: 105]، واتە: {ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە هۆشتان بە خۆتانەوە بێت زیانتان پێناگەیەنێت ئەوەی گومڕا بووە ئەگەر ئێوە لەسەر ڕێگای ڕاست بن (ڕێگری کردن لە خراپە بەشێکە لە ڕێنمونی وەرگرتن) ...}، ومن گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «ئەگەر خەڵکی ستەمکار ببینن ودەستی نەگرن، ئەوا نزیکە لەوەی کە خوای گەورە سزایەکی گشتی تووشی هەموویان بکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -له الكبرى- وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: خەڵکی ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: {يَا أَيُّها الَّذِين آمَنُوا عَلَيكُم أَنفسَكُم لاَ يَضُرُّكُم مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيتُم ...} [المائدة: 105]، واتە: {ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە هۆشتان بە خۆتانەوە بێت زیانتان پێناگەیەنێت ئەوەی گومڕا بووە ئەگەر ئێوە لەسەر ڕێگای ڕاست بن (ڕێگری کردن لە خراپە بەشێکە لە ڕێنمونی وەرگرتن) ...}، وا لێی تێدەگەن کە مرۆڤ تەنها لەسەریەتی هەوڵبدات بۆ چاککردنی نەفسی خۆی، پاش ئەمە گومڕابوونی گومڕایان زیانی پێناگەیەنێت، وداوا نەکراوە لێیان فەرمان بە چاکە بکەن ونەهی لە خراپە بکەن! دەبێت بزانن تێگەیشتن لەو ئایەتە بەو شێوەیە نییە، وئەو گوێی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: ئەگەر خەڵکی ستەمکاریان بینی وڕێگر نەبوون لە ستەمەکەی لەکاتێکدا توانایان هەبوو ڕێگری لێبکەن، ئەوا نزیکە لەوەی پەروەردگار هەموو خەڵکی تووشی سزایەك بکات لەلایەن خۆیەوە، هەمووی دەگرێتەوە ؛ ئەوانەی خراپە دەکەن وئەوانەیشی بێدەنگن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3470

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee